www.kurdistannet.org
29-11-2006 11:17بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# 28758 بڕیارێكی ناپەروەردەی و ترسناكە... جەلال ڕەووف ئەمین

والاترین دەرگا لە بەردەم بەرەوپێشچون و تێكەڵبون لەگەڵ گەلانی مرۆڤدۆست و ئازادیخوازاندا و هەنگاونان ڕووە و مەدنیەت و عیلمانیەت ئاشكرایە دەرگای پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەیەكی تەندروستە، پەروەردەی هەولێر بە ئاشكرا ئەو دەرگایە لەسەر گەلەكەمان دائەخات بەدەركردنی بڕیاری 28758 و لێدانی منداڵ و مێردمنداڵانی كورد بە پاساو و بیانوی تاریكیخوازی و كۆنەپرستیانە، ئەم بڕیارە ترسناكەی پەروەردەی هەولێر ڕەسمیەت بە لێدانی منداڵان ئەدات و ئەو مامۆستایانە سەربەستتر دەكات كە پێش ئەم بڕیارەش دەستی خۆیان كەم تا زۆر وەشاندووە، لە مانگی ڕەمەزانی ئیمساڵدا لە سلێمانی بوم خوێندكارێكی مێردمنداڵ زۆر بەتوندی مامۆستاكەی لێیدابو جنێوی پیسی بە دایك و باوكیشی دابوو هەڕەشەی كردبو كە كوڕی مام جەلالیش بێت هەرواى لێدەكات، لەگەل باك و خاڵیدا چوم بۆ خوێندنگاكە بەڵام هەیهات ئەوەی من دیم كەس نەیبینێت بەڕێوەبەر و چوار مامۆستای تریش بەرگریان لە مامۆستای لێدەر دەكرد و ئەیانوت ئێمە لێدانی پەروەردەیی پەیڕەو دەكەین و هیچ نوسراوو بڕیارێكی پەروەردەی سلێمانیمان بۆ نەهاتووە كە لێمان قەدەغە بكات، لە دوای ماوەیەك كە زانیان ئێمە هێمنین مامۆستاكەیان هێنا پێم ووت تۆ لە لێدان و جنێوەكانت پەشیمانی یان هەر مكوڕیت وتی من لە جنێوەكان پەشیمانم بەڵام لە لێدانەكە پەشیمان نیم بە هەموویانم ووت دەستان خۆشبێت ئێوە بڕیاری سەروی خۆتان جێبەجێ كردووە ئێمەش مافی خۆمانە بچینە پەروەردەی سلێمانی و لە دوایدا ئێوەش و پەروەردەش لە سایتی كوردستاننێتدا ئەناسێنین، بڕیارەكەی ئێمە بەڕێوەبەر و مامۆستایانی شۆك كردو كەوتنە جۆرێك لە پاڕانەوە مامۆستای لێدەر ئەیوت من بە زمانی بەڕۆژوەوە كوڕەكەی ئێوە چەلەحانێی لەگەڵدا كردوم یەكێكی تریان ئەیوت ئێمە پارەی نەوتمان نیە و گیروگرفتی خوێندكاریش لەولاوە، لێرەدا بەڕۆژو بون و نەبونی پارەیان دەكردە هۆكاری لێدان و جنێو لەمەش سەیرتر مامۆستایەكیان كە زۆر بە حەماسەوە لێدانی بە پێویست ئەزانی لە دوایدا ئەیوت من لە ڕۆژنامەی ئاوێنەدا ئەنوسم چەكی دەستی مامۆستا پێنوسە نەك دار، لە كۆتایدا بە مامۆستای لێدەرمان ووت ئێمە وازناهێنین تا پەشیمان نەبیت لەوەی كردوتە و ووتوتە ئەمەش تەنها بەرگریەكە لەو خوێندكارانەی هێشتا لێیان نەدراوە نەك بەرگریەك بێت لە كوڕەكەی ئێمە ئەو بەڕێزە لە دوای دوو سەعات چەندوچون پەشیمانی خۆی ڕاگەیاند ئێمەش بڕیارماندا ناوی بەڕێوەبەر و مامۆستاكان ئاشكرا نەكەین ئەگەرچی ئەوان بەناوی پەروەردەی سلێمانیەوە درۆیان دەكرد كە ڕێگەی بە لێدانی خوێندكار دابێت، لێرەوە دەستخۆشی لە مامۆستایانی كوردی دەرەوەی وڵات دەكەم بۆ سەركۆنە كردنی بڕیاری 28758 كە بڕیارێكە ڕێگە لەبەردەم مامۆستایانی بەڕۆژودا تەخت ئەكات كە داخی تینوێتی و برسێتی خۆیان بە خوێندكاران بڕێژن وە پێویستە دایك و باوكانیش ئەوە بزانن كاتی ئەوە بەسەرچووە (گۆشتی بۆ ئێوە ئێسقانی بۆ ئێمە)، منداڵ بە لێدان گێژ و وێژ دەبێت، دەمارگیری كۆمەڵایەتی و ڕق و كینەی زیاتر دەبێت، شەڕانی و خراپەكار دەبێت... بۆ بەرگری لە منداڵەكانتان و نەوەیەكی تەندروست پشتی مامۆستایانی كوردی دەرەوەی وڵات بگرن، ئێوەش یەكێتی و پارتی لە بری بیری تەسكی حیزبایەتی لە خوێندنگاكاندا بیر لە یاسا و ڕێسای گونجاوتر بكەنەوە كە ئاستی پەروەردە و زانست باڵاتر بكات لە كوردستاندا و ئەم بڕیارەی پەروەردەی هەولێر ریسوا بكەن، مامۆستایانی كوردی دەرەوە و ناوەوەش ئێوە بێگومان باشتان زۆرترە لە خراپ بۆیە پێویستە ڕێگەی كەمایەتی نەدەن ناوبانگی زۆرایەتیتان بزڕێنێ و كۆكبن لە دژایەتی بڕیاری 28758 دا.

بەریتانیا 2006-11-27